بۆ بڵاوکردنەوە

**کوردستانی عێراق: سزای دوو ساڵ زیندانی بۆ ڕۆژنامەنوسێک**

***بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی چەند ڕاپۆرتێک کە گوایە گەندەڵی بە دەزگای ئاسایشدا هەیە***

**(بەیروت،12 ی تشرینی یەکەم، 2012)**-هیومان ڕایتس ووۆچ لە ڕاپۆرتەکەی ئەمڕۆیدا ڕایگەیاند، پێویستە بە زووترین کات دادگای پێداچوونەوە (ئیستئناف)س شاری هەولێر حوکمی 7ی ئەم مانگەی وەلابنێت، کە تێیدا سزای زیندانی بەسەر ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ کارزان کەریمدا سەپاند بەهۆی نووسین و بڵاووکردنەوەی چەند ڕاپۆرتێک کە گوایە گەندەڵی لە دەزگایەکی ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

هەروەها هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، پێویستە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی جدی و سەربەخۆ بکەن لەسەر ئەو تۆمەتانەی باس لە لێدان و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسی ناوبراو دەکەن لە زینداندا، لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی پارێزەرەکەی بۆتەوە لەلایەن بەرپرسانی دەزگای ئاسایشەوە.

دادگای دووی تاوانەکانی هەولێر سزای دوو ساڵ زیندانی سەپاند بەسەر ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ و کارمەندی پێشووی دەزگای ئاسایشی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی، بە تۆمەتی پێشێل کردنی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2003، ئەم یاسایە هەر کارێک زیان بە دامودەزگا حکومیەکان و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بگەیەنێ بە تاوان لەقەڵەم دەدا .

کارزان کەریم دەستگیر کرا پاش ئەوەی ناوبراو چەند ڕاپۆرتێکی لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست، ئەم ماڵپەڕە هەواڵیە بە ڕەخنە توندەکانی لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ناسراوە، بڵاووکردەوەو تێیدا بەرپرسانی دەزگای ئاسایشی بە گەندەڵ تۆمەتبار کرد.

جۆو ستۆرک، جێگری بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس وۆچ لە خۆر هەڵاتی ناوەڕاست، ووتی، "ناردنی کارزان کەریم بۆ زیندان لەسەر بنەمای ئەو تۆمەتە ناڕوونانە هەڕەشەیە بۆسەر هەر ڕۆژنامەنووسێک لە کوردستان کە ڕەخنە لە بەرپرسانی ئەو هەرێمە بگرێ. وا دیارە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم زیاتر بە تەنگ کپ کردنی دەنگە ناڕەزاییەکانن هەتا هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی یاسا".

وا دەردەکەوێ سزادانی کارزان کەریم تەنها لەسەر بنەمای ڕەخنەکانیەتی لەبەرپرسانی حکومی، ئەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئازادی ڕادەربڕینی ناوبراوە. هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، "پێویستە حکومەتی هەریم گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا بکات کە کارزان کەریمی پێ سزادراوە، هەتا ئەو یاسایانە بە ڕوونی ڕێگەبدەن بە ڕەخنەگرتن لە بەرپرس و دەستەڵاتدارانی هەرێمەکە. کارزان کەریم حاڵی حازر 11مانگی لە زینداندا بەسەر بردووە، بە ئەندامانی خێزانەکەی ووتووە کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لە ساڵی 2008، کارزان کەریم پەیوەندی بە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەوە کردووە هەروەها لە ساڵی 2009 تا ساڵی 2011 وەک کارمەندی ئاسایش لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی لە بەشی (ڤی.

ئای. پی) کاری کردووە. لە تشرینی دووەمی ساڵی 2011دا و لە پاش دوای بڵاووکردنەوەی پێنج ڕاپۆرتی ڕەخنەئامێز لە ئیدارەی دەزگای ئاسایشی فڕۆکەخانەی هەولێر کە تێیدا بەرپرسانی ئەو دەزگایەی بە گەندەڵ تۆمەتبار کردبوو، کارزان کەریم دەستگیر دەکرێ.

نیاز عەبدوولا، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ کە گرووپێک ڕۆژنامەنووسی ناوخۆیی ئازادن، بە هیومان رایتس وۆچی ووت، لە 5ی تشرینی دووەم، ماوەیەکی کورت پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکان، هێزەکانی ئاسایش (کارزان کەریم) یان لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا فڕاندووە. لە پاشان، کەسێک کە خۆی بە هاوڕێی کارزان لەقەڵەم داوە سەردانی ماڵی باوکی کارزانی کردووەو پێی ڕاگەیاندوون کە ناوبراو کوردستانی بەجێهێشتووەو چووەتە دەرەوەی ووڵات. خێزانی کارزان کەریم بە (نیاز عەبدوولا) یان ووتوە، زانیوویانە کەسەکە سەر بە دەزگای ئاسایش بووە. خێزانی کارزان هیچ شتێکیان دەربارەی چارەنووس و شوێنی کوڕەکەیان نەزانیووە، هەتا پاش سێ مانگ کارزان لە زیندانەوە پەیوەندی پێوە کردوون.

کارزان بە خێزانەکەی ووتووە کە لە یەکێک لە ژوورە ئینفیرادیەکانی زیندانی ئاسایشی هەولێر دەست بەسەر بووە، کە ڕێوشوێنی ئەمنی لەم زیندانەدا زۆر توندە. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئاسایشی دیشێ کە زیندانێکی گشتیە. بەرپرسانی زیندانی ئاسایشی گشتی ڕێگەیان بە کەس و کاری کارزان داوە بۆ سەردان کردنی، هەرچەندە، کارمەندانی ئاسایشی زیندانەکە زۆر بە ووردی چاودێری چاوپێکەوتن و قسەکانیان کردوون.

کامەران کەریم، برای کارزان، بە نیاز عەبدوولای ووتوە کە براکەی لە زیندانی ئینفیرادیدا دەست بەسەر بووەو ڕووبەڕووی لێدانی جەستەیی و ئەشکەنجەی دەروونی بووەتەوە.

کەریم سۆفی، پارێزەری کارزان، بە هیومان رایتس وۆچی ووت، کارزان ڕێگەی پێنەدراوە پارێزەری هەبێت لەکاتی دەستگیر کردن و لێکۆڵینەوەکان لەگەڵی. پاش نۆ مانگ لە دەست بەسەرکردن، ئینجا ڕێگە بە کەریم سۆفی دراوە بۆ بینینی کارزان.

لە مانگی ئابی ئەم ساڵدا، هیومان رایتس وۆچ چاویکەوت بە بەشی کاروباری دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا نیگەرانی هیومان رایتس وۆچ سەبارەت بە بەردەوامی دەست بەسەر کردنی کارزان بە بەرپرسانی ئەو بەشە ڕاگەیەنێ. لە نامەیەکدا لەبەرواری 6ی ئەیلول، بەشی کاروباری دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیومان رایتس وۆچی ڕاگەیاند، "کارزان کەریم نوێنەرایەتی کراوە لەلایەن ڕاوێژکاری یاساییەوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە لەسەر بڵاووکردنەوەی زانیاری هەستیار، هەروەها دەستگیر کراوە بەهۆی بڵاووکردنەوەی زنجیرە ڕاپۆرتێک لە ماڵپەری کوردستان پۆست لەسەر دەرزگای ئاسایشی فڕۆکەخانەی هەولێر".

نامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە کارزان تۆمەتبارنەکراوە هەتا مانگی ئایاری 2012، واتە پاش حەوت مانگ لە دەست بەسەرکردن. هەروەها لە نامەکەدا هاتووە کارزان تۆمەتبار کراوە بە پێشێل کردنی یاسای ژمارە 21، بەپێی یاساکە، هەرکەسێک بە دەستی ئەنقەست بە هەرشێوەیەک بێ، تێوەگلێ بە مەبەستی زیاندان لە

ئاسایش و سەقامگیری و سەروەری دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراق و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بە بەندکردنی هەتاهەتا یان بە بەندکردنی کاتی سزادەدرێ.

لە 8ی ئابی ئەم ساڵ، لەسەر ماڵپەری خۆی، دەزگای ئاسایش بەیانامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە دەستگیر کردنی کارزان بەهۆی ئەو زنجیرە ڕاپۆرتانەوە بووبێ کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاووی کردبوونەوەو تێیدا باسی گەندەڵیەکانی ئەو دەزگایە کردبوو.

لە 12ی ئەیلولی ئەم ساڵ، الرافیدەین، دەزگایەکی هەواڵی ناوخۆییە، لەسەر ماڵپەڕی ئەو دەزگایە بڵاووی کردەوە کە نێچیرەڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوژنامەنووسانی دڵنیاکردۆتەوە لەوەی کە "حکومەت گرەنتی دەدات لە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە بۆ کەیسی کارزان کەریم ." لە نامەکەیاندا بۆ هیومان ڕایتس وۆچ، بەرپرسانی بەشی کاروباری دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە پرۆسەی دادگایی کردنەکە "کراوە دەبێت بۆ خەڵک ".

سەرەڕایی هەموو ئەم بەڵێنانە، لە ڕۆژی دادگایکردنەکەدا، هێزەکانی ئاسایش دەووروبەری دادگاکەیان گرت و ڕێگەیان بە کەس و کاری کارزان و گرووپەکانی مافی مرۆڤ نەدا بە چوونە ژوورەوە بۆ ناو دادگاکە. هەر لە پرۆسەی دادگایکردنەکەدا، بەرپرسێکی ئاسایش پارێزەرەکەی کارزان، کەریم سۆفی دەباتە لاوەو پێی دەڵێ، "ئاگات لە هەڵس و کەوتت بێ، ئەگینا چارەنووست وەک چارەنووسی زەردەشت عوسمانی لێدێت".

زەردەشت عوسمان ئەو ڕۆژنامە نووسە بوو کە لە ساڵی 2010 دا کوژرا پاش ئەوەی ڕاپۆرتێکی ڕەخنە ئامێزی لەسەر دەستەڵاتدارانی هەرێم لە ماڵپەری کوردستان پۆست بڵاوکربوەوە .

کەریم سۆفی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، " لە کاتی دادگایکردنەکەدا، دەزگای ئاسایش هیچ بەڵگەیەکی لە دژی کارزان نیشان نەداوە." لە بەیاننامەیەکدا، دەزگای ئاسایش ئاماژەی بەوەکردبوو کە دادگا پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگەی نهێنی بەست بوو".

ماددەی 38 ی دەستووری عیراق دەستەبەری هەموو ئامرازەکانی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی بە چاپەمەنی و ریکلام و میدیا و هەموو بڵاوکراوەکانەوە دەکات، ئەگەر نەبنە مایەی پێشێل کردنی بەهاکان و شێواندنی کۆمەڵگە.

یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین وەک بنەمایەکی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ دەناسێت کە گرنگە لە بەردەوام بوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ڕێزگرتن لە بەهاکانی تاک. ماددەی 19 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان، کە عێراق ئەندامە لەو پەیماننامەیە، گرەنتی مافی هەر تاکێک دەدا لە "ئازادی گەڕان و وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و هەر بیرۆکەیەک بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورەکان، ئیتر بە دەمی بێت، یان لە ڕێگەی نووسین و چاپەمەنیەوە، یان بە شێوازێکی هونەری یان لە ڕێگەی ئامرازەکانی تر میدیاوە بە هەڵبژاردەی ئەو کەسە خۆی".

یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ  بە ڕوونی ئاماژە بەوەدەکەن کە هەڵس و کەوتی سیاسەتمەدارو کەسایەتیە ناسراوەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و چڕتر دەکەوێتە ژێر شیکردنەوەو بەدواداچوون بە بەراوورد بە خەڵکانی ئاسایی، پێویستە لەسەریان تەحەمولی ئەو بارودۆخە بکەن. پرەنسیپەکانی سێراکۆزای نەتەوە یەکگرتووەکان لە برگەکانی سنووردارکردن و ڕەچاونەکردنی یاسا لە بارودۆخێکی دیاریکراودا لە پەیمان نامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان دەڵێ، بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین نابێت بەکاربهێنرێ بۆ پارێزگاری کردنی دەوڵەت و بەرپرسەکانی لە ڕەخنە و بۆچوونەکانی ڕای گشتی".

کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتا تەفسیری بۆ ئازادی ڕادەربڕینی پەیمان نامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان، دەڵێ، لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراوە، هەر کەسایەتیەکی ناسراو ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە، هەروەها دەڵێ ڕەخنە گرتن لە دامەزراوە گشتیەکان نابێت قەدەغە بکرێت.

"لەژێر ڕۆشنایی ئەوەندەی دەیزانین سەبارەت بە پرۆسەی دادگای کردنەکە، دەردەکەوێت دڵنیاکردنەوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە گرەنتی دادگایی کردنێکی عادیلانە بەڵێنی ناڕاست بوون." ستۆرک ووتی، "سزاکان لە دژی کارزان کەریم و  هەڕەشەکانی بەرپرسانی ئاسایش لەپارێزەرەکەی ڕەنگدانەوەی نمونەیەکە لە ترس و تۆقاندن هەروەها نیشاندانی شکستی دادگانە لە ئاست پارێزگاری کردنی ئەو کەسانەی ڕووبەڕوی هەڕەشە دەبنەوە".

**بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە:**

لە نیۆرک، ئێرن ئێڤەرس،  زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی): مۆبایل: 0103- 362- 917 1  + everse@hrw.org

لە واشنتن دی. سی، جۆو ستۆرک، زمانی ئینگلیزی: مۆبایل: 4925-299-202- 1  storkj@hrw.org

لە بەیرووت، نەدیم حوری، زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی): مۆبایل: 244-639-961+

houryn@hrw.org